سەرۆك وەزیران: پلانەکانی حکومەت لە بواری چاکسازی لە ئابووری و دارایی دەروازە و بنەمای هەموو چاکسازییەکانن

ئەمە پەنجشەمە، محەممەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پشتڕاستیکردەوە کە پلانەکانی حکومەت لە بواری چاکسازی ئابووری و دارایی کە دەروازە و بنەمای هەموو چاکسازییەکانن.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، " محەممەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە پەراوێزی بەشداریکردنی کۆبوونەوەی ئابووری داڤۆس کە لە سویسرا بەپێوەدەچێت لەگەڵ کریستالینا جۆرجیڤا، بەڕێوەبەری گشتی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کۆبووەوە".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆشکراوە، "لە میانی کۆبوونەوەکەدا پێوەندیی هاوکاری دارایی نێوان عێراق و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی تاوتوێ کرا، لە چوارچێوەی پاڵپشتیکردنی ڕەبازی گەشەپێدان لە عێراق".

سەرۆك وەزیران ئاماژەی بە "پلانەکانی حکومەت لە بواری چاکسازیی ئابووری و دارایی کرد، وەك دەروازە و بنەمایەك بە هەموو ئەو چاکسازیانەی کە حکومەت پلانی بە داناوە لە هەموو کەرتە گرنگەکاندا".

لای خۆیەوە جۆرجیڤا پێشوازی لە "بەشداریکردنی عێراق لە بەرنامەیەکی نادارایی بە پاڵپشتیکردنی چاکسازییە ئابوورییەکان کرد، چونکە لە مانگی داهاتوودا کۆبوونەوەکان لەگەڵ سندوقەکە دەستپێدەکات

بە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە".

جەرجیڤا ستایشی "هەنگاوەکانی حکومەت لە بواری سیستەمی دارایی و بانکیدا، و باشترکردنی ژینگەی بازرگانی و وەبەرهێنانی بەرز نرخاند و تێگەیشتنی خۆی لە تایبەتمەندییەکانی عێراق و ئەو تەحەدداییانەی کە هووبەووی دەبێتەوە دەربڕی".